# یادەوەریم لە کتێبێک دەخوێنێتەوە

کۆسرەت ئەحمەد بێکەس

ژیان
چرکەیەکە
لە تێڕامانێکی
تۆدا وەستاوە،
ئەرێ:
تۆش بیرم دەکەی؟!
لە خەڵوەتگای خەیاڵم
دەمەو ئێوارەیێ
دێیت، دەبیتە
چەپکێک نهێنی و
لە هەواری مەستان
بەیەک دەگەین،
لەخۆشەویستیدا
باس لە گەمەی
دانەبڕان و
خولی عەشق و
یەکگرتنی
پارچە شکاوەکانی
دڵ دەکەین.
ئەرێ:
تۆش......؟؟
............

لەم بەیانییە
پڕ لە ڕەهێڵە و بارانە
دڵم چۆن دەسووتێ خودایە!
چاوەڕێی بەفرم و لێرە
کرێوە لە سەودایە،
چەترەکەم هەڵدەدەم،
باران خێراتر دەبارێ
پیاوێک لە پشتمەوە بە چپە
دەدوێ،
کەسێک بە بیانووی کتێب
چاوەکانی تێ بڕیوم
دەیەوێت پێم بڵێ:



ئەم ئێوارەیە
پڕە لە شێتی،
ئەستێرە ڕاوی مانگ دەکا
سەرما بە قاقا پێدەکەنێ،
ئاسمان هۆڕ.... هۆڕ
بۆ لەبارچوونی کۆرپەلەی
هەور دەگریێ.
گرمەی هەست، چەند ترسناکە خودایە!
دڵم دەلەرزێ و
دەستم لە سەیوانی شەرم گیر کردووە،
ئاوازی نیگەرانی
ترپەم دەشڵەژێنێ.
باران هێشتا ڕەهێڵەیە و
چاوەڕێی بەفرم ئەم ئێوارەیە.
سەدایەک بەقەد دووری ئێوامان
سەمای دابڕان دەکا،
شەو بە دەنگێکی شاعیرانە
یادەوەریم لە کتێبێک دەخوێنێتەوە
پڕە لە لاپەڕەی سپی
نە عاشقێک تێیدا هەڵکورماوە،
نە خۆشەویستێک بە پریشکی ئەوین
سووتاوە
بەرەبەیانەو چاوەڕێی بەفرم
گڕی ئەم بارانە
چۆن داگیرساوە خودایە..
ئاخر چۆن... چۆن؟!
.................
کە هەور
بەفری سپی
لە ئاسمان پەرش دەکا،
ڕۆژ زیز دەبێ و ڕوو لە ئاوابوون دەکا،
دەمەو ئێواران،
حەز بە پیاسەیەک دەکەم
پێم خۆشە دەستت بگرم
پێ بە پێ بەرۆکی ڕەش
هەڵگەڕاوی شەقامەکان بکوتم،
دەنگی تۆ،
شنەی کزەبایە
ترپەی دڵی گەرمم ڕێک دەخا،
دوور مەڕۆ،
مەهێڵە ئاوازی ژیانم

لەرەی بێ تۆیی و
خورپەی جودایی تێ بکەوێ،
خۆشەویستیت
وزە دەداتە بەر جەستەی شەکەتم و
ڕۆژگاری بێ ئومێدیم پڕ دەکا لە هیوای نوێ بوونەوە.
تۆ، کە بیر لە ڕۆیشتن دەکەیتەوە،
بەهاران نەمامەکان مان دەگرن
نە لق چوزەڵە دەردەکا و
نە دار گوڵی بەر دەگرێ،
لە نیگەرانیت ڕوح دەژاکێ،
چیتر لە چاوەڕوانیت مۆم داناگیرسێنم
دەزانم ئاگرێک لە ناو هەناومدایە
بەسوێتر لە گڕی سووتانگەی هۆلۆکۆست و
گەرمتر لە خوێنی شەهیدە سەربڕاوەکانی نیشتیمان،
کە تۆ باس لە دوور کەوتنەوە دەکەی،
بە کوڵ دەگریم و دابڕانی خۆشەویستانم بیر دەکەوێتەوە
کە ئێستا لە نێرگزە جاڕێک ئاسمانیان کردۆتە چەتر و
بسکی ئەستێرە شانە دەکەن.
من و تۆ لە یەک بازنە دەخولێینەوە
عاشقانە پەنجە بۆ بێ ئاگایی خۆمان دەبەین.
گوناهبارانە سرووت بۆ خودا دەڵێینەوە
ڕۆژانە سێڵفییەک دەگرین و
گۆرانییەک دەکەینە ناسنامەی پێکەوە بوونمان
تۆ بیر لە خۆشەویستی من دەکەیەوە،
منیش لە جیابوونەوەی تۆ!!
من بۆ هێندەم خۆش دەوێی؟!
ئاخر بۆ ؟؟!!
................
نازانم،
نازانم سەر بەئاوابوونی چ خۆرێک
بکەم،
تا لەگەڵ شەبەقی تۆ هەڵبێمەوە؟
نە لوورەی چەقەڵی چەمی شەڕەکان
دەمەوەستێنێ،
نە چریکەی بلبلی بەیانیانی تەنیایی
دەمخەوێنێ،
تۆش سەرێک نادەیەوە لە بێکەسیم؟
ئاوابوونی ڕۆژێکی تری تەمەن
بەتۆ دەسپێرم.
..............